**لەچوارچیوەی خۆپیشاندانی هاولاتیانی شاری سلێمانی  هیزەکانی ئاسایش  بە دەیان کەس دەستگیر دەن**

**ئامادەکردنی: ئالاّ لەتیف**

لە درێژەی ئەو زنجیرە خۆپیشاندانانەی کە بەمەبەستی دەربرینی نارەزایەتی لە دژی نزمی ئاستی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و نەبوونی ئاوو کارەبا و گرانی نرخی سوتەمەنی و کەل و پەلەکان ، کە ماوەیەکە شار و شارۆچکەکانی هەریمی کوردستانی گرتۆتەوە ، کاتژمێر 10:30ی سەرلەبەیانی ئەمرۆ زیاتر لە هەزار   هاولاتی   شاری سلێمانی لەبەردەرکی سەراوە کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییان دەستپێکرد و بە شەقامی مەولەوی بەرەو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەریکەوتن . خۆپیشاندەران بە دروشمی "بڕوخێ ئەو بینایە بەرپرسی دزی تیایە " و بەبەرد باران کردنی بالەخانەی ئەنجومەنی پاریزگای سلیمانی  پرۆسەکەیان بەڕێوەبرد و دواتر بەشێك لە خۆپیشاندەران دەستیان کرد بە بەردباران کردنی ئوتێل سلێمانی پالاّس . خۆپیشاندەران چەند جارێك لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی سلێمانییەوە کە چەند رۆژێکە شەقامەکانی سلێمانییان بەشیوەیەکی نا ئاسایی کۆنترۆل کردووە و کەوتونەتە گرتنی دانە بەدانەی هەلسوراوە چالاکەکانی نیو خۆپیشاندەران بلاوەیان بە خۆپیشاندەران کرد ، بەلام خۆپیشاندەران لەگەل بوونی ئەو ئاستەنگانەشدا بۆ چەند کاتژمیرێك دریژەیان بە پرۆسەکەدا و لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری فروانی خۆپیشاندەرانیشدا لەبەردەم ئەنجومەنی شارەوانی سلیمانی خۆپیشاندەران داوایان کرد دەست بەجێ " حاکم قادر " سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی سلیمانی بێتە دەرەوە و چاوپیکەوتن لەگەل خۆپیشاندەراندا ئەنجام بدات . ئەم خۆپیشاندانەی هاولاتیانی شاری سلیمانی دوای ئەوە دێت کە چەند رۆژیکە دەستەی داکۆکیردن لە داخوازییەکانی شاری سلێمانی وریکخستنەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەریگەی بلاو کردنەوەی بەیاننامەوە ئاگاداری دەدەنە هاولاتیان بۆ مانگرتن و مانەوە لە مالّ و نەچوونە سەر شوێنی کارکردن . لە چوارچیوەی هەولەکانی هیزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ دەستگیر کردنی هەلسوراوانی ئەو دەستەیەش دوینی ئاسایشی سلێمانی سێ کەسی دیکەی ئەو دەستەیە دەستگیر دەکەن کە دووانیان ژنن ئەو سێ دەستگیر کراوەش بریتین لە بەهرە محمد ، هەرێز محمد ، هەروەها شۆخان–ی هاوسەری ئەکرەم چاوشین  کە ئەویش یەکیکە لە بەندکراوەکانی دەستەکە ، هەروەك ژمارەیەکی دیکەی ئەندامانی ئەو دەستەیە ئەمرۆ لە ئاسایشی سلیمانییەوە گواستراونەتەوە بۆ زیندانی (کانی گۆمە) و بریارە بەرواری 8\17 لیکۆلینەوەیان لەگەلدا بکریت کە لە نیویاندا  ئەبو بەکر مەجید و رزگار عزیز ناسراو بە پۆلاّ زیندانی هەیە کە بۆماوەی چواردە سالّ لە زیندانییەکانی رژیمی بەعسدا زیندانی

بووه و ئیوارەی رۆژی هەینی لەگەل هاورییەکی تریدا لە باخی گشتی دەستگیر کرابوون.  هەر ئەمرۆش دوو ئەندامی تری ئەو دەستەیە بەناوەکانی نەوزاد بابان و علی مەولود لە مالّی ناسیاویکیان لە بەکرەجۆ دەستگیر کراون . ئەمرۆش  هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا هیزەکانی ئاسایشی سلێمانی بە جل و بەرگی مەدەنییەوە  چەند کەسێکیان لەنێو خۆپیشاندەراندا دەستگیر کردووە کە بەپیی سەرچاوە جیاوازەکانی هەوال و سەرچاوەکانی ئاسایش ژمارەیان  زیاد لە 50 کەسە، کەلەنیویاندا ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ریژەیەکی بەرچاوی هەیە، ئەمە جگە لە دەستگیر کردنی چوار رۆژنامەنووس بۆماوەی کاتژمیر و نیوێك لەناو ئوتیلی سلیمانی پالآس و دواتر ئازاد کردنیان بەناوەکانی (ر□بوار ئازادی/ پەیامن□ری هەفتەنامەی جەماوەر، ئاس□ عوسمان/ پەیامن□ری ما□پەری کوردستان ن□ت، شازین ه□رش/سەرنووسەری ر□ژنامەی ماد□نا، ستێ□ان شەمزینانی/ سەرنووسەری ر□ژنامەی ن□وەند)  بەلام تا ئێستا ئومید تۆفیق بەریوەبەری بەریوەبەری نووسین لە رۆژنامەی نێوەند دەستگیر کراوە .

 دوای زیاتر لە سیّ کاتژمیر بەردەوام بوون خۆپیشاندەرانی سلێمانی بلاوەیان بەو پرۆسەیە کرد کە لە سەرەتاوە بەرەو پاریزگای سلیمانی و دواتر بۆ بەردەم شارەوانی سلیمانی ئەنجامیاندابوو .بەپیی ووتەی شایەتحالەکان و بەشدارەکان لە خۆپیشاندانەکەدا بەهۆی پیکداهەلبژان لەنیوان هاولاتیان و هیزەکانی ئاسایشەوە چەندین کەس بە سووکی بریندار بوون . بەشدارانی خۆپیشاندانەکە کە زۆربەیان گەنج بوون و دروشمەکانی " حکومەت  ریسوایە ، بەرپرسی دزی تیایە " " دەنگماندا بە 730 دزیان هێنایە سەر کورسی" یان بەرز کردبۆوە بەشیکی زۆریان ئیستا لەلایەن هیزەکانی ئاسایشەوە کە جلو بەرگی مەدەنیان لەبەردابوە دەستگیر کراون .

پاش ئەوەی خۆپیشاندانەکە بەرەو ئارامی رۆیشت و بلاوەی پیکرا ،  دانا ی ئەحمەد مجید پاریزگاری سلیمانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند بەلینی ئازاد کردنی گیراوەکان نادەن بەلام هەولّ دەدەن بە کەفالەت ئازادیان بکەن و بەپیی تواناش هەولّی جیبەجی کردنی داواکانیان دەدەن  . لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەك لەنێو گیراوەکانی گرتوخانەی کانی گۆمە کە هەفتەی رابردوو لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیر کرابوون لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا پیی راگەیاندین کە هیزەکانی ئاسایش داوای ئامادە کردنی کەفیل دەکەن بۆ ئازاد کردنیان .

لەلایەکیتریشەوە پارێزگاری سلێمانی بەڵێنی بەخۆپیشاندەران دا کە هەموو داواکاریەکانیان لەزوترین کاتدا بۆ جێبەجێبکات و ژمارەیەك خۆپیشاندەریش دەستگیرکرا.

سەرلەبەیانی ئەمرۆ ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیانی شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکیان رێکخست بۆ دەربرینی داواکارییەکانیان و جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێم و دەسەلاتدارانەوە ،سەرەتای خۆپیسشاندانەکەشیان لە بەردەم وەزارەتی ناوخۆوە دەستی پێکردو دواتریش لەبەردەم سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانیەوە ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیان کۆبونەوەو هەموو خۆپیشاندەرەکان رویان لەئەنجومەنی پارێزگای سلسێمانی کرد کە لەوێ ژمارەیەك  لەنوێنەرانی خۆپیشاندەران لەگەڵ دانا ئەحمەد مەجیدی پارێزگاری سلێمانیدا کۆبونەوە بۆ گەیاندنی داواکاریەکانیان و دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ پارێزگاری سلێّمانیدا،پارێزگاری سلێمانی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا بۆ ژمارەیەك لەکەناڵەکانی راگەیاندنی ناوخۆو دەرەوە رایگەیاند کە وەك پارێزگاری سلێمانی بەڵێنی تەواو دەدات بەخۆپیشاندەران  بۆ جێبەجێکردنی داوکاریەکانیان و راشیگەیاند لەگەڵ هەموو دواکاریەکانی خۆپیشاندەرتاندایەو داواکانیان رەوایە و لایەن خۆیەوە بەڵێنی بەنوێنەری خۆپیشاندەران دا کە داواکاریەکانیان لەزوترین کاتدا بۆ جێبەجێبکات داواکاریەکانیش برتیی بوون لە دابین کردنی کارەباو سوتەمەنی و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبون .ئاوات عەبدوڵلاش کە یەکێك بوو لەنوێنەرانی خۆپیشاندەران و بەشداربووی کۆبونەوەکە بو لەگەڵ پارێزگاری سلێمانیدا وتی راستە پارێزگار بەڵێنی تەواوی پێداوین بەڵام لەوە دڵنیاین کەجێبەجێ ناکرێن و ئەگەر جێبەجێشی نەکەن بەردەوام دەبین لەسەر ئەم جۆرە خۆپیشاندانانەلەلایەکی تریشەوەی بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان ژمارەیەك لەخۆپیشاندەران دەستگیر کراوەو ئیهانەی چەند رۆژنامەنوسێکیش کراوە لەلایەن هێزەکانی ناوخۆو ئاسایشەوە نوێنەرانی خۆپیشاندەرانیش ئەوەیان راگەیاند ئەگەر بەزوترین کات ئەو کەسانەی لەخۆپیشاندانەکەی ئەمرۆی سلێمانیدا دەستگیر کراون ئازادنەکرێن رێگەی خراپتردەگرنەبەر لەدژی لێپرسراوان.

دریژەی هەواڵەکان لەراپۆرتەکانی داهاتوودا بلاودەبنەوە...

2008-8-13